www.kurdistannet.org

# کوردستان بە چەند گەرۆکێکی تورك داگیرناکرێت

Aram Azez

گەر بە وردی چاوێك بە مێژووی ئە و قۆناغە سەختانەدا بگێرین کە گەلی کورد پێیدا گوزەری کردووە، گەلێك هەولْ و کۆششی سەرنەکەتووانەی نەیارانی ئەم نەتەوەیەمان بۆ روون دەبیتەوە ٠ بەرچاوترین شێوازی نامرۆیانە داگیرکەرانی کوردِستان تەقەلای بێو چانی سرینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کورد بووە کە بەردەوام تیایدا نائومێد بوون و شکستیان هێناوە ٠ گومان لە وە دا نیە کە لە هەندێك دەڤەردا نەشو نمای داگیرکردن لە چرۆدایە و رەنگە کارتێکەری کاتیشی کردبێتە سەر کۆمەلێك کورد لەو ناوچانە کە کەم کوردستانی بوونیشیان تیادا بە دی بکرێت ، بەلاّم ئەستەمە ئەوە کارێکی ئەوتۆی کردبێتە سەر هەستی نەتەوایەتی کورد کە خاکی مێژوویی گەلەکەی لێ داگیر بکرێت ٠

ئەو بیرە زیندووە نەتەوایەتیەی گەلی کورد ڕۆلێکی گرنگی گێراوە لە قۆرخ کردنی بیرۆکەی داگیر کردنی کوردستان لە لایەن چاو لێبووانی مێژوویی ئەم خاکەوە ٠ بەلگەی ئەو راستیەش لە هەولە 80 سالەییە نوشست خۆاردوەکەی فاشیستەکانی تورکدا بە روونی دەردەکەوێت ٠ بێگومان رژێمەکانی عەرەب و فارسیش لە کۆششی لەو شێوە لەو پارچانەی کوردستان کە لە ژێر دەسەلاتی ولاتەکانیاندا درێغییان نەکردووە ٠ ئاشکراشە کە جگە لە کوردستانی باشوور ، تا ئەم چەند دە سالەی رابردووە شۆرشی چەکداری لەو پارچانەدا ڕۆلی بە ر چاوی نەبوو ، بەلاّم بە زۆری هەستی بەرزی کورد بوونی ئەم نەتەوەیە فاکتۆری پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد بووە لەو بەشانەی کوردستان ٠

گەر چی ئەمرۆ بێ هۆشی هەستی نەتەوایەتی و رامیاری سەرانی پارتی و یەکێتی لە کوردستانی باشووردا لە سەر دانواندن بۆ رژێمەکانی دەورو بەر، بە تایبەتی تورکیا ، بووە بەهۆی نیگەرانی گەلێك لە کوردی هەندەران و کوردستانیش لە مەڕ پەرەسەندنی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی دەسەلاتی تورك لە و بەشە رزگار کراوەی کوردستاندا ، من پێم وانیە کە کوردستانێك مێژووی خەباتی رزگاریخوازی لە مێژووی تورك دوور درێژتربێت و، ژمارەی شەهیدەکانی لە سەر ژمێری تەوای توکمان زیاتبێت ، بە چەند گەرۆکێکی تورك داگیر بکرێت ٠ گەر باس لە مێژوو و سەر ژمێری تورکمان بکەین، لە راستیدا تائێستا هیچ مێژوویەك روونی نەکردووە تەووە کە تورکمان کەی و بە چی هۆیەکەوە لە کوردستانی باشووردا جێنیشن بوون ، تورکمانەکان بۆخۆشیان ئەو راستیە دەزانن بەلاّم هەندێکیان دەلێن بەشێك لەوان لە سەردەمی عوسمانی

توركدا گە يشتوون بەم دەڤەرە و لەو رچكە يەدا كە هێڵی هاتو چۆی تورك بووە نیشتە جێبوون ٠ بێگومان ئەو جێگیر بوونەش هەندێك كاریگەری زمانی كردووەتە سەر ئەو كورددانەی لە دەوور و پشتیان بوون ٠ كە سانی وەكو مامۆستا كەریم زەند ، شارەزای مێژوو و جوگرافیای كوردستان ئەو بۆچوونەیان پێ راستەو دەڵێن ئەوانەی كە ئەمرۆ خۆیان بە توركمان دەناسن بە شێكی زۆریان كوردن ، بەڵام بەو هۆیەی سەرەوە زمانەكەیان گۆڕاوە ، هەند ێكشیان ئەو توركە گەرۆكانەن كە بە هۆی نۆكەری عوسمانیەكانەوە لەم ناوچەیەدا جێگیربوون٠

ئەو بۆچوونە مێژووییانە بەلای گەلێك لە دانشتوانی دەڤەرەكەوە زۆر جێگای بروایە چونكە ئەو ناوچانەی كوردستانی باشوور كە ئەمرۆ هەندێك توركمانی تیادا سەقامگیربوون ، بە شارۆچكەی تەلعفە ر ، كەركوك ، داقوق ، دووز و قەرەتەپەدا دەروات تا قازانیە ، كە سەر ژمێری دانشیتوانی بە كورد و عەرەبش وە جگە كەركوك ئەستەمە لە سەد هەزار كەسێك تێپەر بێت ٠ هەر وەكو مێژوو روونی دەكاتەوە ، لە كورد بوونی بەشێكی هەرە زۆری توركمانی ئەو دەڤەرانەی سەرەوە گومان نییە ٠ بەڵگەی ئەو راستیەش لە ساڵانی ١٩٨٢و١٩٨٣ لە سەربازی پێنەكردن بە كورد بەپێ بریارێكی رژێمی عێراق دەركەوت ٠ ئەوانەی بەزمان توركمان بوون بۆ سەلماندنی كوردبوونی خۆیان گەلێك بەڵگە نامەی مێژووییان هێنایە گۆرێ و زۆربەیان بە رەسەن بە دوو تایفەی كۆنی كورد لەو ناوچانەدا ، زەنگنە و دەلۆ دەرچوون ٠

بەپێچەوانەی بیرو بۆچوونی ئەو خوشك و برایانە ، من پێم وایە توركمان كێبن و كەی ولە كوێرا پەیدابوون ، جێگای بایەخنین و هیچ مەترسیەكیان بۆ سەر گەلی كورد ونیشتمانەكەی نابێت ، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی و مخابن بێت ، دەرك نەكردن و لە بەرچاو نەگرتنی مێژووی تێكۆشانی گەلی كورددە لە لایەن سەرانی پارتی و یەكێتی یەوە ٠ كوردستانی باشوورێك كە تەنها بەردێكی بە خوێنی توركمان سوور نەبووە ، كە چی لە پاش دەیان ساڵ خە باتی پر لە قوربانی ، كیمیاوی باران و ئەنفال و راپەرین و كۆرەو ، شەرمەزارییە بۆ سەرانی پ٠د٠ك٠وی٠ن٠ك گەر یەك زەرە شەرمیان مابێت، كەوا ئەمرۆ لەم بەشە بە خوێن ئازاد كراوەی كوردستاندا تا دەگاتە ئەو شارەی كە لە مێژوودا بە خەونیش توركمان بە خۆوە نەبینیوە ، ێستا بكرێت بە مۆڵگەی میتی توركیا!!! سەرانی یەكێتی بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەو چەند ساڵەی كە لە پارتی هەندێك دواكەوتبوون لە خزمەتی توركیادا ، ئەمرۆ كەركوكی” قودسی كوردستان” بە شاری كورد و توركمان دەزانن و سلێمانی “ شاری هەڵمەت و قوربانیش “ دەكەن بە مەڵبەندی پرو پاگەندەی كۆمەڵێك كۆنە “

نۆکەری بەعس و تازە جاسوسی تورك ٠” سەرانی یەکێتی لەوە باش گەیشتوون ئەو بەرەی تورکمانەی کەوا ئێستا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ی٠ن٠ك٠دا بە پێی نەخشە و پلانەکانی تورکیا خوازیاری بەشێکی کوردستانن ، کە ولایەتی موسڵە ، جگە بڕیارەکانی میتی تورکیا ، هەردوو حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی ناناسن و پابەندی هیچ بڕیارێکیان نابن ٠ نمونەشمان بۆ ئەو راستیە ئەوەیە کە تا ئێستا بەرەی تورکمانی مۆڵەتی کارکردنی لە کوردستانی باشووردا تەنها لە لایەن تورکیاوە وەرگرتووە ، کە چی پارت و رێکخراوە کوردستاینەکان بە بێ مۆڵەت لە سەر خاکی خۆیان بواری ئیش و کاریان پێنادرێت ٠

پێوستە ئەو دار و دەستتەیە کە لە خزمەت دووژمنەکانی کورددا دەیانەوێت کەڵك لەو لاوازییەی سەرانی پ٠د٠ك٠وی٠ن٠ك وەربگرن ، هاوکات لە گەڵ سەرانی ئەو لایەنانەی کە لە پێناو بەرژەوەندی پارتەکانی خۆیاندا چارەنووسی گەلی کورد و وڵاتەکەی دەخەنە گێژاوی نادیار و مەترسی داگیرکردنەوە، لەو راستیە بگەن کە کوردستان تا سەر بۆ هیچ هێزو دەسەڵاتێك داگیر ناکرێت و ئەو پارت و لایەنانەش کە رێز لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد نەگرێت ، ئەوا چارەنووسی پڕ شەرمەزاریی و پوچەڵیان لە زبڵدانی مێژوودا چاوەروان دەکرێت ٠